


# بەشوێن هەستێکی نامۆدا

ئەحمەد قادر سەعید
(سلێمانی)

لەبەردەم مێزەکە ڕاوەستان، فەرمانبەرەکە ماوەیەک سەیری کردن، بەدیقەت لە ڕواژەی تۆ ڕاما، دوای ماوەیەک لەسەرنجدان لە تۆی پرسی: کاکە ناوت چییە؟

– بەڕێزەکەم ناوم (شەماڵ)ە.

ئەو گوتی ناوێکی خۆشە، ناودێربی، ئەی ماڵتان لە کوێیە؟ واتە لە چ شارێک نیشتەجێن؟ باشە ئەدی لە چ قوتابخانەیەک دەخوێنی، ئێستا لە چ قۆناغێکدای؟

شەماڵ ئەو پرسیارانەی بەلاوە نامۆ بوون، لە بەر خۆیەوە هەر دەیگوتەوە، دەبێ ئەو پیاوە لەو پرسیارکردنانە مەبەستی چی بووبێ؟. خۆ ئەوە یەکەم جارە ئەو من دەبینێ! دەبێ شتێک لە ئارادابێ! دەنا بە شەجەرەی مندا نەدەچووە خوارێ و لە ڕەچەڵەکی منی نەدەپرسی؟

ئەو پێی باش بوو لەو کاتەدا بێدەنگی هەڵبژێرێ و نەیکاتە بژاردەی ئەو هەموو بەدواداچوون و لێکدانەوانە. باوەکوو لە دڵی خۆیدا دەیان پرسیاری دی سەریان هەڵدا و لە بیریشیدا وەک خەم مانەوە. هەر لەبەر خۆشیەوە جارجارە ئەم دیو و ئەو دیوی بە پرسیارەکان دەکرد. ئەو کاتە هاتەوە ناو چوار دیواری ژووری فەرمانگەکە کە فەرمانبەری خاوەن پرسیار پێی گوت: ناوەکەی خۆت بدۆزەرەوە، لە بەرانبەریدا واژۆیەک بکە.. ئەوەش سێ دیناری یارمەتی خۆت، هیوادارم سوودی لێ ببینی و زۆرم پێ خۆش دەبوو کە ئەو سێ دینارە، دە دینار بوایە و هەموو سەری مانگێک وەرتبگرتایە و بەردەوامیش بوایە هەتا خوێندنت تەواو دەکرت.

– زۆر سپاست دەکەم، بەڕێزی، ئەوە چاکەیەکی زۆر باشە لە جەنابتەوە. ئەگەر هەر قسەش بێ تامی شیرینی خۆی هەیە.

فەرمانبەرەکە گوتی: (ئافەرین کوڕی خۆم دەشتوانی وەڵامی جوان ئاراستە بکەی. هیوادارم لە خوێندنیش ئاوا زرنگ و وریا بی.

شەماڵ لە بەرانبەر ناوەکەی لە ناو پەڕاوی ئامادەکراودا واژۆی کرد و ئەو یارمەتییەی وەرگرت کە ساڵانە دەوڵەمەندە دەست ڕۆیشتووەکانی شار و خواپێداوە حەڵاڵ خۆرەکان لەڕێی شارەوانییەوە هەریەکەیان بڕێک پارە دادەنێن و لە زستاناندا مانگانە بەسەر قوتابییە هەژار و نەدارەکاندا، بە تایبەتی قوتابیانی بەشە ناوخۆییە کەم دەرامەتەکان بۆ چەند مانگێک وەک باربوو دابەشی دەکەن. باربووەکەش بەپێی زیاد و کەمی یارمەتییەکان، ئەویش زیاد و کەمی دەکرد، بەڵام هیچ کاتێک لە سێ دینار کەمتر نەبوو.

شەماڵ لە فەرمانگەکە هاتە دەرەوە و بەرەو پەیمانگە کەوتە ڕێ و دەیان پرسیاری لە ئامێزی فەرمانبەرەکەدا بەجێ هێشت، لە دەروونی خۆیشیدا بەهەمان چەشنە. هەرکە قوتابییەکە ڕۆیشت، ئەویش قەڵەمەکەی دانا و دەموچاوی لە ناو هەردوو لەپی دەستیدا شاردەوە. لە بیرکردنەوەدا کەوتە ناو دەریای خەیاڵ و ئەندێشەیەکی قووڵ و هیچی وای نەمابوو لە ناو شەپۆلەکانیدا نغرۆبێ. ئەو لەو دیو گفتوگۆی ئاساییەوە بەخۆی گوت: (چی دەبوو منیش و حاجی (سەرگوڵ)یش کوڕەکەمان بۆ مابایە و لە بەرامەی خۆشی ئەودا سییەکانمان پڕ کردبا لە خۆشەویستی دایک و باوکایەتی و وەچەی خۆمان. گرفتی زەمانە زۆرن، بەڵام هەموو وێک ناکەونەوە و ڕەنگە کەسانی دیش هاوشێوەی ئێمە بتلێنەوە، ڕەنگە زۆریش بن، بەڵام ئێمە پێیان نازانین. لەو کاتەی کە پێکەوەبووین تا ئێستا کوڕەکەی ئێمەش ئاوا گەنج و جوان دەبوو، خۆ زۆرمان هەوڵ دا، بەڵام بەداخەوە هەر ئەو تاکە کوڕەمان لە چارە نووسرابوو. ئێمە هیچمان نەدی، نە دایک ئامێزی بۆ منداڵان ئاوەڵاکردەوە و نە منیش باوکایەتیم کردە هیوای ڕۆژێکی ڕووناک. ئێمە واین لە تاریکی بێ وەچەییدا سەردەنێینەوە و هەرگیز ڕۆژ لە دنیا تاریکەکەی ئێمەدا هەڵنایەت و بە درۆ دەڵێین ئاوامان خۆشترە، درۆیەک لە تامی درۆی ئاسایی تاڵترە.)

تەقەی لە دەرگادانی ژوورەکەی، ئەوی هێنایەوە ناو ئامێزی کورسییەکە و فەرمووی لە پیاوەکە کرد: ببوورە بەڕێزم ئەو دوو کوڕە گەنجە دەیانەوێ بێنە ژوورەوە.

ئەو گوتی: دەی بۆچی ڕاتگرتوون؟ بابێنە ژوورەوە.

کوڕەکان: سپاس خاڵەگیان.

(ئەوانەش خەمێکی ترن کە دادەبارێنە سەر خەمەکانم، ڕەنگە لە ناو ئەو کوڕە گەنجانەدا هەبێ بگاتە ئاوات و خەونەکانی ژیان، ڕەنگە لە ناو ئەوانەدا هەبێ لە داهاتوودا ببێتە هێز بۆ دایک و باوک و خزم و کەسەکانی، خۆ ئێمە ئەوەشمان لێ ستێنراوەتەوە، ئەی وا نییە؟)

– وەرنە پێشەوە کوڕینە، دەی هەریەکەتان لە بەردەم ناوەکەی خۆی واژۆیەک بکات.

ئەوان هەریەکە لەبەردەم ناوەکەی خۆی واژۆیەکی دانا و ئەویش هەریەکەی سێ دیناری خستە مشتیانەوە، کوڕەکانیش پشتیان لە فەرمانبەرە ژمێریارەکە کرد و چوونە دەرەوە.

کاتێک ئەوان چوونە دەرەوە، ئەو لەبەر خۆیەوە گوتی: (ئەوەشیان جۆرێکی تربوو لە ئازاردانی ڕوحم، ئەوانە هەموویان خاوەنی دایک و باوک و

کەسوکارن و قوتابیشن، ئەوەتا لە زستانانددا بۆ دوو سێ دینار دێنە ئێرە و کەمێک لە دڵتەنگی نەبوونی دەڕەوێننەوە. دەی سێ دینار دەبێ چ کێشەیەک چارەسەر بکات. نانا بۆ ئەوان هەر باشە ئەگەر دەستی پێوە بگرن بۆ ماوەیەک دەتوانن کاروباری خۆیانی پێ بەڕێوە بەرن. خۆزگە منیش کوڕێکم هەبوایە، نا نا ڕاستی بڵێم کوڕەکەم بۆ لە ژیاندا بمابایە و هەر نەبا ڕۆژانە چاوم بە قەد و باڵایدا دەخشاند و دڵم ڕوون دەبووەوە و خۆم لە کەسانی دی بە کەمتر نەدەزانی! بەخێر چن ڕۆڵەکانم بەخێر چن، ئەگەر دەزانن بۆ من ئێوەم خۆش دەوێ، ئەو کاتە تێدەگەن من و منداڵ واتای چی دەگەیەنێ، دەزانن لە ناخمدا چ کارەساتێک خەوی لێ کەوتووە، من گیرۆدەی داوی بێویژدانی مرۆڤم، ئەو مرۆڤانەی بەخۆینی ئێمە تینوون. دەبڕۆن ڕۆڵەکانم دەبڕۆن، خواتان لەگەڵ بێ.

مانگی دووەم لە هەمان ڕێکەوتدا شەماڵ لە دەرگەی ژووری فەرمانبەرەکەی دا..

– ئای بەخێر بێی کاکە شەماڵ وەرە ژوورەوە..

شەماڵ گوتی سڵاو بەڕێز ببوورە مانگانە لەو کاتەدا ئێمە دەبینە مایەی ئەزیەت بۆ ئێوەی بەڕێز.

– نا نا شتی وا مەڵێ وەرە کەمێک لای مامی خۆت دانیشە.

– لێم ببوورە ماوەی دەسپێکردنی وانەکان زۆری نەماوە با فریا بکەوم، با دوا نەکەوم، ئەگەر ڕێگەم بدەی بڕۆم.

– بەیەک دوو دەقیقە کاتەکە درەنگ نابێ... دەمەوێ یەک دوو پرسیارت لێ بکەم.

– فەرمووو لە خزمەتتدام.

– تۆ چەند ساڵت ماوە خوێندنی پەیمانگە تەواو کەی؟

– ئەوساڵ یەکەم ساڵمە، خوێندن لە پەیمانگە دوو ساڵە.

– ئەی بۆ نەچوویتە کۆلێژێک و لە پەیمانگە گیرساویتەوە؟

– وەڵامی پرسیارەکەت لە ناو پرسیارەکەی خۆتدایە.

– وەک چۆن؟

– وەک ئەوەی پێت بڵێ دوو ساڵ و چوار ساڵ نێوانیان دوو ساڵە، ئەو دوو ساڵە بۆ من زۆرە. منیش حەزم دەکرد لە زانکۆ بمخوێندبا، بەڵام بۆم نەلوا و جارێ ئەوەندە لە چارەی من نووسراوە. ئەی ئەو سێ دینار یارمەتییە، وەڵام نییە بۆ پرسیارەکەت؟

– دەی بۆ نابی بە کوڕی من و کوڕی مامەی خۆت تا بتگەیەنمە دوا پلەکانی خوێندن؟

شەماڵ هەر ئەوەندەی بۆ کرا (بڵێ بەڕێزەکەم کاتم زۆر درەنگە پەلە نەکەم لەوانەکەم دوا دەکەوم.)

شەماڵ لە ژووری فەرمانبەرەکە هاتە دەرەوە و لە دەروونیدا ئاڵۆزییەکی چاوەڕوان نەکراو سەری هەڵدا، لەگەڵ زۆر پرسیاری بێ سەروبەردا دەستیان لە یەخەی یەکتر گیر کرد. لەناو ئەو ململانێیەدا بیری بۆ لای کاکی فەرمانبەر و ئەو بۆشاییە فراوانەی لە دەروونی ئەودا بەجێ هێشت، جەنگی ئەو ساتەی خستە بواری ڕووداونێکی ڕاستییەوە. ئەو ڕۆیی و ئەویش جارێکی تر لە ئامێزی کورسییەکەدا چووەوە ناو ئەندێشەکان و بەدەم هەناسەیەکی قووڵەوە بە خۆی گوت: (منیش قوربانی دەستی زوڵمم، ئەو زوڵمەی منداڵەکەمی لێ ستاندم و کۆتاییشی بە نەوە خستنەوەی من و هاوسەرەکەم هێنا. ئەوە چ کارەساتێک بوو، هەر ئەوانەن بەناوی پاراستنی مافی مرۆڤەوە ئاوا هەزارانی وەک من سەرگەردان

دەکەن. ئێمە تاوانمان چی بوو بووینە قوربانی ئەو ڕۆژە ڕەشەی بەسەرماندا هات؟ شەماڵ لە ڕواژەدا زۆر لە فەرهاد دەچێ، خۆزگە ڕۆژانە هەر نەبا جارێک چاوم پێی دەکەوت، دە ئاخر چی بکەم مانگێک بۆ چاوەڕوانی زۆر زۆرە.

شەماڵ لە فەرمانگەکە هاتە دەرەوە، بە خێرایی بەرەو پەیمانگە هەنگاوی هەڵدێنایەوە، ئەو ڕۆیشت و چەندان بیری لێک دوور و نزیک لە خەیاڵیان وەرپێچا. لەسەر کورسی ناو پۆلەکەی دانیشت، ئەوەی گوێی لێ بوو، مامۆستای دەروونناسی باسی ئاڵۆزبوونی دەروونی دەکرد، لێ ئەو تەنیا وەک لاشە لەوێ دانیشتبوو و لە ناو دنیا تایبەتەکەی فەرمانبەرەکە و دەروونی خۆیدا بێ پەروا دەهات و دەچوو. لەبەر خۆیەوە دەیگوت (زەمەنی نەگریس کوڕەکەی لێ ستاندووە و ئەمێستا پەنا بۆ کوڕێک دەبات بیکاتە کوڕی خۆی و بە بێوەفایی دەزانێ هاوسەری بەجێ بهێڵێ کە زوڵمی زەمەن ئەوی خراپتر هاڕیوە، دیارە ئەو بێ وەفاییە لەو پیاوە نوورانییە ناوەشێتەوە.)

مامۆستای دەروونناسی گوتی: شەماڵ ئەو وانەیە لە سەرخۆت نەبووی؟ زۆر بیری لێ مەکەوە. شەماڵ بە خەندەیەکی بێ مەبەست وەڵامی مامۆستاکەی دایەوە و خۆی لە هاوڕێکانی تەرەکرد. لە ماوەی ئەو چەند دەقیقە پشووەدا گەڕایەوە ناو باوەشی خێزانەکەی و ژیانی سادە و چەندان خێزانی جەنجاڵ. ئەوان چارەسەری گرفتەکانیان لە تەواوکردنی خوێندنی ئەودا دەبینییەوە، بۆیە هەر ئەو کاتە بڕیاری دا ئەوە دوا چوونی بێ بۆ ئەو فەرمانگەیە، نەکا ڕۆژێک هەستی لە دایک و باوک دابڕان لە خێزان دوورکەوتنەوە و باوەش کردن بە ژیانی نامۆیی دەستی پێ لە بنەماکانی پیرۆزی مانەوە لەگەڵ خێزانەکەی هەڵگرێ... بڕیاری دا کاکی فەرمانبەر لەو هەستە دەربێنێ و هیوای بە کوڕکردنی ئەو لە خولیای خۆیدا بسڕێتەوە، با زۆریش لە کوڕە لەدەستچووەکەی خۆی بچێت و چیدی لە دەریای خەم و خۆزگەدا نقوومی نەکات.